بیرەوەرییەکانی فەقێیەکی گوندی ٦٢٠٠١– شەماڵ بارەوانی

(٦٢)

فەقێیەکی شەشەوو

لە حوجرە و قوتابخانەی محەمەدییە، فەقێیەک لەگەڵمان بوو، زۆر هاوڕێی بووین.
فەقێیەک، سەرتا هەمووان وەک پێپوولەیەک و مرۆڤکی ڕەحانی و زۆر خواناس لەی حاڵی ببووین، بەڵام دواتر دەرکەوت هەموومان فریومان خواردووە و وا نییە. هەموو شتەکمان بۆ ئاشکرابوو و لە کۆتاییەکیدا ماسکی ساختەی ڕووی ئەو فەقێیە کەوت.
ئەو فەقێیەکی زۆر دووڕوو بوو، هەرسەعاتە و خۆی بە ڕەنگێک دەگۆڕی، هەر کاتێک و بە شێوازێک دەردەکەوت و بە زمانێک دەدوا!
دەمێک پەسنی بزووتنەوەی ئیسلامی دەدا، دەمێکی دیکە سەردانی کەمپی ئیسلامی دەکرد و دەیگوت عەلی باپیر عەبقەرییە. دەمێکیش دەبوو بە سۆفی و مامۆستا مەلاعەبدولجەباری زەرگەزەوی دەبردە کشکەڵانی ئاسمان.
ڕۆژی دواتر دەیگوت، سۆفیزم خورافییە و مەدحی ئینسارولئیسلام و مەلاکرێکاری دەکرد. ئەو پێشووتر لە زەرگەزەوی و ناو سۆفییەکان فەقێیاتی کردبوو.
بە خوا و بە مژوویش بڵێم، کە لە وانەکانی فەقێیاتی، فەقێیەکی زیرەکیش بوو.
بەتایبەتی لە نەحو و سەرف و زمانی عەرەبی. بە حوکمی ئەوەی لە شوێنێکی نزیک مووسڵ هاتبوو.
جا ئەو فەقێیە، بابەتی ئەو گۆگێینەی فیکر و ڕوو و هەر ڕۆژەی مەدحکردنی ئاڵاستەیەک، تەبعەن لای مەلاکان وای نەدەگوت، تەنها لای من ئەوەی دەدرکاند.
لای مەلاکان خۆی وەکو یەکگرتوویەکی تەمام عەیار و زۆر دڵسۆز پیشان دەدا.
لە نواندن و نمایشدا فەقێیەکی تا بڵێیت زۆرزان و زیرەک بوو.
ئەو دەبوا ئەکتەر و شانەکار بوایە، نەک فەقێ. هاهاها.
زمانێکی عەیب نەبەت، زۆر لووس و عەجیبی پێوە بوو.
بە قسەشیرینەکانی سەرنجی هەموانی بۆخۆی ڕادەکێشا.
زۆر مەکربازیش بوو. لە کاتی قسەکردن، کچانە ئەین و نازی دەکرد.

جا بۆ بۆنەوە، لێدوانگای ئۆو نمایش و زمانلووسییەوە، توانی قەناعەت بە مجوور و مەلاکان بێنێت، بۆوی لێناو مزگەوت و لە دەرەوی حوجرە و دوور لە تەکیەاوی فەقێکانی تر، ژوورێکی تایبەت و تەنهای وە بدەن. دوای خوێندنی وانەکان و نانخواردن، بەخێی لەو ژوورە دەمایەوە و دەخەوت.
ئۆو مەلایانەی کە وانەیان بە ئێمە دەگوتەوە، هەمووپان بە ئاراستەی حیزب و ئایدیۆلۆژیا یەکگرتووبوون.
تەنها دانیەکیان نەبەت، کەنەموجاهید و کەنەبزووتنەوەی ئیسلامی بوو، مەلا(ع. مەمک).
ئۆو مەلا کەنەبزوتنەوەیە، حافیزولقورئانیش بوو. وانەی فیقهی ئیسلامی(فتح القریب)ی بە ئێمە دەگوتەوە.
ئەلحەق، زەرزەر کەیفی بەمن و هەروەها ئۆو فەقێیە زمانلووسە دەهات.
لای ئۆو فەقێیە زمانلووسە گوتبووی: من هی ئۆوە نیم، لەرە و لە کونجی ئۆو مزگەوتە دانیشم. خەزگە جیهاد هەبوایە و بشداریم تێدا کردبا، بەڵام ئاخ، چی لە هەڵکشانی تەمەن و زرووف بکەم.
فەقێیەکە خەی ئۆوی بەمن باسکرد.
ئۆو مەلایە لە فیکردا زەر توندبوو. مەژەک نازانم چۆن بوو لە کاتی وانەگوتنەوە، بابەتی دروستبوونی مرۆڤ هاتە ناو بابەتەکە و مەلا دابەزیبە سەر(PKK) و گوتی: مارکسی و بەباوەڕن، لەکاتی دەستپێکی پەخشی کەناڵەکەیان، مەبەستی(میدیاTv)بوو، هەموو بیانییەک، فیکری داروین و تیۆری پەرەسەندن پەخش دەکەن. ئۆوان بیروباوەڕ چەپ و هەزەکی مولحیدن. مەلا سەبارەت بە (پارتی کرێکارانی کوردستان)وای گوت.
مەژەک گوتم: مامۆستا وێنەچرکاندن و وێنەکێشی حەڵاڵە؟
گوتی نەخێر، حەرامە و شەرعەن دروست نییە.
من خەشم ئۆوکات فەقێیەکی زەر توندەبووم و لەناخۆوە بیروباوەڕی جیهادیم هەبوو!
دواتر قسەی ئۆو مەلایە(وێنەکێشان و وێنەچرکاندن)ـــەکەم بە مامۆستاکانمان(مەلا یەکگرتووەکان)گوت. مەلاکان زەر بەوە تووڕە و قەڵس بوون و گوتیان ئۆو پیاوە، کەنەبزووتنەوەیە و زەر توندە، گوێی بە نەگرن، ئۆوە ئەقڵ و مەشکی فەقێکانمان لە دەشوێنێت. ساڵی دواتر ئۆو مەلایە لە وانەگوتنەوە نەما. ئۆوی ڕاستی بێت، نازانم هەکارەکەی چی بوو، بەڵام پەدەچێت هەر بۆو بۆنەوە لابرابێت.

خەلیفە ئەبوالعباسی صەفاح و کارەکانی.. ئامادەکردن: فارس عارف و سەفیر زرار

ناساندنی ئەبوو عەباس عەبدوللای کوڕی محمدی کوڕی عەلی عەباس ئەبوو عەباس نازناوەکەیتی لەساڵی ١٠٥ک/٧٢٣ز لەحەمیمە لەدایک بووە لەخاکی الشەراە لەبەلقا لەشامدا ،لەوێش پەروەردە بوە ئەژی هەینی ١٢مانگی ئەبیع. لەساڵی١٣٢ک مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٧٤٩زاینی بەیعەتیان پێداوە و خەلافەتی پێاسپێردرا لەکووفە ئەوێش دەکرێت. لەیەکچونەک هەیە لەنەوان ناوی ئەبوو عەباسی خوێن ئەژ وناوی ئەبوو جەفەری مەنسووری بیە مەژوو نوسان نازناوی عەبدوللای (الاصفر) یان بە خەلیفەی خوێنەژ دانا واتا بچوک چونکە تەمەنی لەمەنسووری برای بچوکتر بوو وەکوو نەریتەکی پێیەو کراو لەلاین خەلیفەکانەوە لەکاتی هەلبژاردنیاندا ئەبوو عەباس لەمزگەوتی کوفە وتارێکی خوێندەوە تیادا ئامانجی هەلگیرساندی شەشی عەباسی ەوون کردەوە ناتەواو و کەموو کوڕی ئەمەویەکانی دەرخست بەزەوتکەرانی خەلافەتی وەسف کردن پەیمانیشی بەکووفیەکان دا کەوا پالپشتی شەرشکێیان کرد موچەکانیان زیاد بکات. وەبیری خستنەوە کە ئەو (خوێنەژوو شەش گەڵە)

ئەبوو لعباسی خەلیفە لەکووفە نیشتجێبوو. واش دیارە ئەو بەی دەرکەوت کە کوفە بارووداخکی دەگمەنو جیاوازی هەیە ئەویش بەهەی پشتگیری نەکردنی زۆربەی دانیشتوانەکەی لەشەشی عەباسی جا لەشوێنکەوتوانی ئیمام علی بوون بیە خەلیفە بە شوێنکی نزیکتر باریکرد ناسراو بوو بە (هاشیمیەی الکووفە) بەلام زۆری نەخایەند لەوێش باری کرد. بە النبال کە دەکەوێتە. ئەژهەلاتی کووفە. لەسەر ەووباری فووات لەساڵی(١٣٤ک /٧٥١زاینی) لەتەنیشتی دا شارێکی بەخزی درووست کرد ناسراوبوو بە هاشیمیەی النبار کەوا تێیدا نیشتە جە بوو تامردن لەساڵی(١٣٦ک/٧٥٤زاینی).

ئەبوو لعباس زۆربەی ماوەی خەلافەتی بەجێگیر کردنی دەسەلاتی بەسەر بردە ئەوەبووە ەوبەووی ئەو سەرکردە عەبباسانە بوویەوە کەوا پشتیوانی ئومەویەکانیان دەکرد پاشان هەندە لەو سەرکردانەی لەناو

برد کەوا پالپشتیان کرد بۆ گەیشتن بەدەسەلات پاش ئەوەی کە نیازیان هەبوو جیا ببنەوە. وەکو (ئەبو سەلەمە لخەللا) ئەبوو عەباس کەسکی دەست بلاوبوو ، بەرز، ژیر، زۆر شەرمن، ڕەوشت جوان، ئەو بەخشندەترین کەس بوو، هەرگیز بەلێنی نەدەاوە دوای بخات ،وەلەکوکەی هەلنەساوە تا تەواو نەبێت وەلەسەر ئەنگوسیلەکەی نەخشاندوویەتی (اللە ثقە عبداللە وبەیومن) واتا خوا جێی متمانەی عەبدوللایەو باوەیشی پێی هەیە دڵگەرمەوە کەوا وتویەتی « نزمترین خەلکوو سواترینیان ئەوکەسەیە ڕەزیل بەدەست پارێز بزانێ وەنەرموونیانی بەسەر شەڕی بزانێ » وەهەروەها وتویەتی « ئەگەر نەرموو نیانی خراپە بۆ ئەوا داوای لێبوردن موعجیزەیە خەڵاگری ئاکارێکی جوانە تەنها ئەوکاتە نابێ کە دین سووک دەبێت و سولتان لاواز دەبێت ، پێلە نەکردن ستایشکراوە تەنها لەکاتی دەرفەت دان نەبێت » ئەبوو لعباس زۆر حەزی لەدەمە تەقە پیاوان و دانیشتنی زانایان بوو ، هانی ئەدەب و گەرانی داوە ، خەلاتی شاعیر و گەرانیبێژانی کردووە.

ڕەوشتی ناوخە لەسەردەمی ئەبولعباسدا

ئەبولعباس کاتێک بەیعەتی پێ درا بە خەلافەت دەسەلاتئ هەر هەندەی سەربازکانی بوو جا سوپاکەی خەی ئامادە دەکرد بۆ پێلامارداانی ئومەویەکان هەشتا کارو باری بەدەست بانگخوازان بوو بەیە ئەرکی زۆر گران بوو چونکە لەسەری پێویست بوو دەسەلاتی عەباسیەکان جێگیر بکات بەیە وای بینی پشت بە مام و برازاکانی ببەستێ یان بەشداریان پێ بکات تاوەکو بامگخوازان دەسەلات قەرخ نەکەن ئەوبوو (سولەیمانی کوری علی مامی) کردە بەوالی بەسرە و (ئیسماعیلی کوری علی)مامی لەسەر (کور ،ئەهواز)مامی (داودی کوری عەلی)لەسەر ئیجاز یەمەن) و مامی(عبدوڵای کوری علی)کرد بەسەرپەرشتی جەنگ دژی مەروانی دووهەم و ئەبو جەعفەری برایی بە شەرکانی (یەزیدی کوری هوبەیرە)وادیارە جەرە بەزاریەک دتوسی بووە لەلای هەندی لەو سەرکردانەی کەوا لە شەرشی لەسەر شانیان هەستا کەسانی دی بەهەمی هەول تەکەشانیان بە بچە بەیە خەلیفە دلنیایی دانە ئەوە بوو نوسراوەکی بە حەسەنی کوری فوحتوبە نارد کاتێک ئەبو جەعفەری برای کردە هاوەلی گوتی:دلنیابە سەرباز سەبازی خەتن و سەرکردەش سەرکردەی خەتن بەلام حەزم دەکرد براکەم ئامادەبێت سەرپەرشتی کارەکە بکات.

ڕەوشی دەرەکی لەسەردەمی ئەبو لعەباس

بەرەی خەرهەاتولاتی دوو ڕوبار دوچاری مەترسیەکی گەورە بوو ڕەلایەن چینیەکانەوە. چونکە ئەمانە شەڕقی بارودەخی موسوڵمانان و ئەو

بەشایی‌ی کە ڕوخانی دەوڵەتی ڕۆژئاوای تورکەکان هێنایە کایەوە، بەهۆزانی بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتەکیان لە وڵاتی دوو ڕووبارلەساڵی132ک /750ز سوپای چینی شاری سەیاب داگیرد و وێرانیان کرد . لەساڵی دواتر مەمەانی نێوان (ئێخشید و فرغان) و پاشای شاش یان بەهۆی زانی و هەرشیان کردە سەر شاری شاش و گەماریان دا و پاشاکیان بەزەر هاتە ژێردەسەلاتیان سەرکردەی موسوڵمانان (زیادی کوڕی ساڵح) کە تازە شۆڕشی (شاریکی کوڕی شێخ مەهری)کپ کردبوو ڕۆ (بوخارا) توانی سوپای چینی بشکێنێ ڕەسەر ڕووباری ۱۳۳ (گراز) لەمانگی زلحجەخاییدی کوڕی ئیبراهیم کە ئەبوو موسلیم وەک فەرمان ڕەوایەک ڕەسەر(بڕخ) دایمەزرادن

بارەی بەزێنتی

دەوڵەتی بەزێنتی سودی لەو پشێویە وەرگرت کە باڵی کێشابوو بەسەر دەوڵەتی ئیسلامی جا ئیمپڕاتۆر (قسطنطین) ی پێنجەم سەرکەوتوو بوو ڕۆفراوانکردنی سنورەکەی بارەو خەرهەڵات. هەرشی کردە سەر(شام و جزیرە) شارو قەڵاکانی داگیرکرد لەساڵی 133کەچی پاشای ناوبراو هەرشی کردە سەر ناوچەکانی ئەرمینیا و قەڵای (پیود و سیبوێیس- واتا ئەرزەڕۆم) ی داگیرکرد سوپاس عەباسی بەسەرکردایەتی(موخەدی کوڕی موقاتە) نەیتوانی بەرگەی هەرشەکە بگرێت پاشان قەڵای (کماخ) ی لەسەر ڕووباری فوڕات داگیر کرد و هەرشی کردە سەر جزیرە قەڵاکانی حدث و ملطیە داگیرکرد و قەڵای (سمیساطی) وێرانکرد.

هەلوێستی موسولمانان

هەڵوێستی موسوڵمانان ڕۆم ڕووداوانلەسەرەتا هەڵوێستی موسوڵمانان سنوردار بوو . بەڵام بارەبارە بەهێز دەبوو بزوتنەوێک سەری هەڵدا بە بەرپەچ دانەوەی هەرشکانی بەزێنتیەکان لە ساڵی 134دوو هێزی نارد بۆ سەر ناوچەی ملطیەیکەمیان بەسەرکردایەتی (مامی ساڵح و عیسای کوڕی علی) توانیان پەرژینی شارەکە وێران بکەن دووەمیان بەسەرکردایەتی محمدی کوڕی نەسە کە توانی بچێتە ناو قەڵای طوانە هەروەها ڕۆکەتای ئەم ساڵە بەسەرکردایەتی (عبداللە ی کوڕی حبیبی فهری) ڕەوانەی(صقلیە و سەردیانیا)کرد لەساڵی (136)ئەرکی ئامادەکردنی هەمەتێک بۆ ئاسیای بچوک (عەبدللەی کوڕی علی) سپارد کە مامی بوو وە فەرمان ڕەوای شام بوو.

وەزارەت لە سەردەمی ئەبو لعەباسدا

وەزارەت لە سەردەمی ئەبو لحەباسدا پێستی وەزیر راستەوخۆ لەپاش سەرکەوتنی سوپای حەباسی بەسەر سوپای ئەمەویدا پێش بەیحەتدان بە ئەبو حەباسی خونەڕژ بە خەلافەت داهێندرا ئەم پێستش سیستمێکی

دەرینی فارسیەکاتێک خەلیفە حەباس سیستەمی وەزارەت پەسەند کرد بەپەشکەوتنی دەولەت پەرەی سەند لەدابەشکردنی دەسەلات ئەمەش بەهاندانی فارسکان کاریگەری خەراسانیەکان هاتە ئەنجام ئەوەبو (ئەبوسەلەمە لخەللا کرد بە وەزیر ئال خەلیفە ئەبو لحباس لاری نەبوو بەلام لە سەردەمی ئەبو سەلەمە دەسەلاتی وەزیر دیاری نەکرابوو هەرچەند ناوی وەزیری لێندرابوو بەلام دەسەلاتی نەبوو لە دیوانەکان بەنمونە لە دیوانی دارایی یان دیوانی سەربازی هتد وەک باس کراوە وەزیر حەزی لێبوو پەستی هەموو ئیداری بگرێتەودەست هەموو کاروباری دەولەت جێبەجێ بکات بەلام دەسەلاتی خەلیفە رەگر بوو.

سەرهەلدانی سیستەمەکە

سەرهەلدانی سیستەمەکەئەوجا ئەم سیستەمە گەشەی کردو لەسەردەمی حەباسی یەکەم جەگر بوو وە دەسەلاتی وەزیر دیاری کرا ئەوە بوو وەزارەت کەمالی ئیش و کاری دیاریکراو وە یاساو رەسایی بە وەزیر دانا گرینگترینیان سەرپەرشتی کردنی دیوانی دارایی و دیوانی خەرجکردن سەرپەرشتی کردنی باج وەرگرتن کەکردنەوەی هەموو دەسەلاتی مەدەنی و سەربازی دران بەوەزیر جگە لەو ئەرکیە گشتیانەی خەلیفە بە وەزیری دەدا وەزیر جە خەلیفە دگرێتەوە لەحوکمرانی واتا دەستە راستی خەلیفە

وەزارەت لە سەردەمی حەباسی دوو جەربوون

1. وەزارەتی جێبەجیکردن: بە جێبەجیکردنی فەرمانەکانی خەلیفە داندرابوو وەزیر بەی. نەبوو هەر لەخەیەوە رەفتار بکات لەم حالەتەدا وەک ئەلقەی گەیاندن وابوو لە نەوان ئیمام و گەل

2. وەزارەتی دەسەلات پێدان : بە تەواوەتی وەزیر بە هەبوو دەست لە کارو باری دەولەت وەربەدات ئەمەش پاش ئەوەی خەلیفە دەسەلاتی دەداتئ لەگەل ئەوشدا خەلیفە مافی ئەوەی هەیە لە لابردنی و دانانی جێنشینەتی بە ئەکەسانەی کە وەزیر پەست پێ داون و کاتێک دەسەلاتی خەلیفەی حەباسی لاواز بوو وەزیر پلەوپایەی بەرزبویەوە.

پۆست کۆلۆنیلیزم و فیلمی ١٤ تەمموز وەک نموونە.. ڕەوا محەمەد

تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم لە بارودۆخێک دەکۆشێتەوە کە لە هەناوی داگیرکاریەوە سەری هەڵداوە، بە واتایەکی تر ئەو بارودۆخ و هەل و مەرجەی لە ئەنجامی پرۆسەی داگیرکاریەوە و کارلێکی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو و ئاوگۆی کلتور و بە گژداچوونەوەی گواتاری داگیرکەر و ...هتد دروست دەبێت، پێی دەگوترێت پۆست کۆلۆنیالیزم، واتە تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم لەو بارودۆخ و حاڵەتانە دەکۆڵێتەوە.

بەگومان پۆست کۆلۆنیالیزم وەکو هەر تیۆرێکی تر چوارچێوە و سنوری خۆی هەیە، بەو پێیەی ئەوا بابەتانەی کە پێشتر باسمان کرد، کە پۆست کۆلۆنیالیزم لە پرۆسەی داگیرکاری و ئاوگۆی کلتوری دەتەکایەوە، پۆست کۆلۆنیالیزم باس لەو بارودۆخە دەکات کە دوای داگیرکاری دروست دەبێت، کە داگیرکەر چۆن بردەوامی بە داگیرکردنەکەی دەدات، چۆن بیری تاکەکانی داگیرکراو داگیردەکات، چۆن بیریان کۆنترۆڵ دەکات و گوتاری خۆی لە مێشکیاندا ئۆپەسپێنێ.

لە سەرەتادا ئەم ئەدەبیاتە ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمانی پێگوتراوە، کە وەکو دیاردەیەکی نوێ لە ئەدەبیاتی جیهاندا لە ساڵی (١٩٦٠) دا سەری هەڵداوە، ئەوەش لە کاتێکدا بووە کە نەتەوە داگیرکراوەکان دەستیان کردوە بە نووسینی ئەدەبیاتی خۆیان و زۆر بەشی بە زمانی ئینگلیزی بووە ئەو بارهەمانەش کە لە لایەن خەڵکی نەتەوە داگیرکراوەکانەوە نووسراونەتەوە، لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە ڕووی بەهاو گرنگیەوە کەمتر نەبووە، بۆیە ناونراوە ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان ، واتا لە سەردەمی دوای جەنگ زاراوەی (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان) جێگەی (ئەدەبیاتی ئینگلیزی)و(ئەدەبیاتی ئەمریکایی) گرتەوە. ئەوان دەیانویست بە پێشنیاز کردنی زاراوەی (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان) پێکهاتەی فرە کولتوری و فرە نەتەوەیی ئەو ئەدەبیاتانەی ئەمڕۆ بە زمانی ئینگلیزی دەنوسرێن پیشان بدەن، دواتر ناوەکەی گۆڕا بە (ئەدەبیاتی وڵاتە هاوبەرژەوەندی خوازەکان) ئەم ناونانەش ناولێنانێکی سیاسیە، بە ئەدەبیاتی ئەو وڵاتانە بەکار دەهات کە کەوتبونە چوار چێوەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای پێشوو، لە کۆتایدا ئەم زاراوەیەش گۆڕاو بوو بە (ئەدەبیاتی پۆست

کۆمۆنیالیزم) وە بە باوەڕی هەندێك لە بیرمەندان پێست کۆمۆنیالیزم هەمان ئیدیۆلۆژیاتی وڵاتە هاوبیرژوەندی خوازەکانە تەنیا لە ڕووی ڕواڵەتەوە پێست کۆمۆنیالیزم زاراوەیەکی نوێیە.
لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی زۆربەی ئە وڵاتانەی داگیرکراوی وڵاتی بریتانیا بوون ، دژی داگیرکاریەکە جەنگان و سەربەخۆیان بەدەست هێنا، لەو کاتەدا ئیدیۆلۆژیاتی پێست کۆمۆنیالیزم لە پێکهاتەی ئەو وڵاتە داگیرکراوانەی لە داگیرکاری بریتانیا ڕزگاریان ببوو هاتکایەوە، چونکە ئەوان بەدوای جۆرێك لە سیستەمی داگیرکاری لە کولتووور و مێژووی ئیدیۆلۆژیات و لە هەمووی گرنگتر ناسنامەی خۆیان کەوتبوون، کەواتە دەتوانین بڵێین ڕەگ و ڕیشەی ئیدیۆلۆژیاتی پێست کۆمۆنیالیزم بە شکستهێنانی ئایدیۆلۆژیای ڕۆژئاوا لە جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی لە دوای جەنگەکە خەڵکەکە بە تایبەتی گەنجەکان و خەڵکی کەمینە لەو هەلومەرج و بارودۆخەی کە تێیدا دۆزیان ماندوببوون خوازیاری چاکسازی و گۆڕانکاری بنەڕەتی بوون، ئەوان داواکاریەکانی خۆیان لە چوارچێوەی ئیدیۆلۆژیای دەخستە ڕوو، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی حکومەتە داگیرکەرەکان هێزوشانوە و لەوکاتەدا بوو کە تیۆری پێست کۆمۆنیالیزم لە بواری لێکۆڵینەوە کلتووری و ئیدیۆلۆجیەکاندا جێگایەکی تایبەتی بە خۆی تەرخان کرد.

هەر ئیدیۆلۆژیاتێك بابەتی تایبەت بەخۆی هەیە، بابەتی سەرەکی ئیدیۆلۆژیاتی پێست کۆمۆنیالیزمیش خۆڕیکبوونە بە دژهاویشتە و لێکۆتەکانی پێسەی داگیرکاری، بە واتایەکی دیکە ئەو ئیدیۆلۆژیاتە لە بابەتی سەرەکی خۆیدا هەوڵدەدات ئەو دژهاویشتە و ئاسەوارانە تاوتوێ و ڕەتبکاتەوە کە جیهانی دابەشی سەر ڕژهەڵات و ڕۆژئاوا کردووە و هەروەها بووەتە هۆی دروست بوونی دوانە لێکدژەکانی وەك پڕاوێز و سەنتەر یان ئەوروپاسەنتەری و سەنتڕیزمی ئەوروپا بە ڕەسمی دەناسێنێت، چونکە نوسەرانی ئەم ئیدیۆلۆژیاتە لەو باوەڕەدان کە ئەم دابەشکاریەی بە واتا و بە بنەما و نادادپەروەرانەیە و شێوەیەکی تری لە داگیرکاری، لە ئەنجامدا گرژی دەخاتە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، ئەم نووسەرانە لە ڕوگەی بەرهەمەکانیانەوە داوای مافی خۆیان دەکەن و لە هەمان کاتدا ڕوگەزپەرستی لە وڵاتە داگیرکەرەکان دەخەنە ژێر پرسیارەوە، کە یەکێکە لە پرسە هەرەگرنگەکان لە بواری ئیدیۆلۆژیاتی پێست کۆمۆنیالیزمدا، بە جۆرێك کە ئەم (ئیدیۆلۆژیاتە خاوەن دیدێکی ڕەخنەگرانەیە بە ئەو دۆقانەی کە ڕوگەزپەرستانە و بە ئاراستە کردنی داگیرکاری نووسراونەتەوە) و هەوڵی سڕینەوەی دەدات.

ئاگر وەاتە داگیرکەرەکان بە درێژایی مێژووی داگیرکارییان لە هەوڵی بەرهەمهێنانی گوتارێك دابوبن سەبارەت بە داگیرکراو، ئەوا ئامانجی سەرەکی ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیالیزم هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی ئەم گوتارە و هەڵتکردنەوەی، بە واتایەکی دیکە، ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیالیزم لێکۆڵینەوەی دید و بۆچوونەکانی هێژاوایە، کە چۆن سەیری ئەو میللەتانە دەکات و چۆن بڕیاردەوامی بەو سەیرکردنە دەدات و بە جیهانی دەکات، تاکو درێژە بە داگیرکارییەکەی خۆی بدات، لە سیستەمی نوێی جیهاندا میللەتە ڕزگاربووەکان لە داگیرکاری تا ئێستاش بەجۆرێك لە جۆرەکان داگیر کراون، چونکە (ناسنامە، ماف، مال و دارایی)کراوەتە ئامانج ، تا ئێستاش بیر و پەیڤی هێژاوا باو و باڵا دەستە، بە ئەم مەبەستەش نوسەرانی پۆست کۆلۆنیالیزم لەو باوەڕدان کە دەکرێت بەرهەمە کلاسیکیەکان جارێکی دیکە تاوتوێ بکرێنەوە و پڕاوێز خراوەکان بکرێنەوە سەنتەر و جارێکی دیکە پێگەی خۆیان لە مێژووی جیهاندا بدەستبهێنەوە، بەرهەستێتی ئەو شارستانیەتە ببنەوە کە هێژاوایەکان پێناسەیان کردووە، ئەو نووسەرانە باوەڕیان وایە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەبێت سەرەتا هێژەماتییەکان باوەڕ بە خۆیان بکەن و متمانەیان بەخۆیان هەبێت و پشت بە کەلتووری هەسەنی خۆیان ببەستن و واز لە لاسایکردنەوەی کولتووری هێژاوا بهێنن، ئامانجێکی تری ئەم ئەدەبیاتە بریتییە لەوەی کە نووسەرانی ئەم ئەدەبیاتە ناسنامەی کولتووری کەمەگا داگیرکراوەکان دەکەنە چەقی نووسینەکانیان و جێخت لە زیندووکردنەوە و پڕڕپەدانی ناسنامەی نەتەوەیی دەکەنەوە، ئەمەش واتا ئەو نووسەرانە کار لەسەر زیندووکردنەوەی کولتوری هەسەنی وەاتەکەی خۆیان دەکەنەوە.

لە درێژە و زیاتر ڕوونکردنەوەی پۆست کۆلۆنیالیزم فیلمێکم وەکو نموونە وەرگرتووە، لە تێیدا هێهەندی پۆست کۆلۆنیالیزم دەردەکەوێ، فیلمی (١٤ی تەموز) کە دەرهێنەرەکەی (هاشم ئایدەمیر)ە، کاتی فیلمەکە (٢:٢٦)ە، لە ساڵی (٢٠١٧) بەرهەم هاتووە نمرە (ئێتینگ)ی (٤.٤) وەرگرتووە، زمانی فیلمەکە لە تورکی و کوردی پێکهاتووە.

چیڕۆکی ئەم فیلمە لە ڕووداو و بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە وەرگیراوە، فیلمەکە باس لە زیندانی دیاربەکر دەکات لە ساڵی ١٩٨٠ بە دواوە، کە چەند چالاکخواز و شۆشگێر دەستگیر کراون لەلایەن سوپای تورکیاوە، ئەم چیڕۆکە باس لە کەمێک کەسانێک دەکات کە تا دوا ساتی گیان بەخشینیان ئاشقی ژیانکردن بوون.

ئەم فیلمە بیری کۆلۆنیالیزمی تورکیا بەرامبەر بە کورد دەخاتەڕوو، بیری ئەم فیلمە بە ئەو سەردەمانە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتی عوسمانی کوردستانی داگیرکردووە، پاشان دەسەاتەکەی نەماوە و دەیەوێت بەو

شۆڕشی بەردەوامی بۆ داگیرکارییەکەی بدات، ئەم فیلمە باس لە کوردانی باکور دەکات، لە چەن تووشی ستەم و نەهەشتنی شوناسی بوونەتەوە لەلایەن تورکیاوە.
ئەگەر سەرنج لە هەوداوەکانی ناو فیلمەکە بدەین بۆ دەستنیشانکردنی خاڵەکانی پشت کۆنیالیزم، لە زەربەی هەوداوەکانی ناو فیلمەکە بۆ نەهێنی زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت، چونکە بەکارهێنانی زمانی کوردی قەدەغەیە، بەگومان کەلتوور بۆ گرینگترین و دەوڵەمەندترین سەرچاوەی نەتەوە و شوناس دادەنرێت، زمانیش بەشێکە لە کەلتوور، زمانی کوردی لەلایەن تورکیا بۆ ناشارستانی دواکەوتویی و بۆ نرخ دانراوە و قەدەغەی کردووە، بۆ نموونە لەو دیمەنەی کە کەس و کاری زیندانیان سەردانی زیندانیەکان دەکەن، دایکی زیندانیەک بۆ کوردی قسەدەکات، لەو کاتەدا سەربازێکی تورک هاواری بەسەردا دەکات و دەڵێت قسەکردن بۆ کوردی قەدەغەیە و بۆ پرچ لە دوای خۆی هایدەکێشێتە دەرەوە، قەدەغەکردنی زمانیش لە پێناو بنبڕکردنی زمانی کوردی بووە و بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو فێری زمانەکە نەبن و بنبڕ بێت.

زیندانەکەدا ئاشکەنجەی نامرۆڤانەی زیندانیەکان دەدرا، ئاشکەنجەکان لەدانی نامرۆڤانە و سوکایەتی کردن بۆ کەسایەتی و شوناس بوو، بۆ لەدان و ئاشکنجەدان کوردەکان ناچاردەکران کە بڵێن تورکم و سرودی تورکی بڵێن.
ژن و خزمەکانی چالاکخوازانیشیان ئاشکەنجە دەدا و لێیان دەدان و دەستدرێژیان دەکردنە سەر و شکەی ئافرەتکانیان دەشکاند، بۆ نموونە پرچیان دەبڕین و پیسایییان دەکردە ناو خواردنەکانیانەوە.
یەکێکی تر لە کارە کۆنیالیزمەکانی تورکیا ئەوەبوو کە زیندانیەکان لە کاتی دادگایی کردنیاندا مۆتی بەرگریکردن لە خۆیان پێنەدەدرا و نەیاندەهشت قسە لەگەڵ پارێزەردا بکەن، مۆتی سکاڵاکردنیان لە زیندان و سەرکی زیندانەکە نەدەدا و دۆیان وت ئەرە دادگایە و پێوەندی بە زیندانەوە نیە، لە کاتێکدا لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا هاتووە کە هەموو تاوانبارێک مافی بەرگری کردن لە خۆی و ئاشکەنجە نەدانی نامرۆڤانەی هەیە، جگە لەوەش هەندێک زیندانیان تووشی دانپێنانی زۆرە ملێ کرد، کارێک کە نەیانکردووە بە زەبری ئاشکەنجەدان ناچاریان دەکردن کە بیکەنە ئاستەی خۆیان و لە دادگا لە دژی شۆشگەران قسەیان پێبکەن.
سەربازانی تورک فێڵ و تەڵەی جەراوجەریان بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی بیری ئازادی لەلای کوردەکان دروست نەبێ و بیرۆکۆنیالیزمەکەی خۆیان بەردەوامی هەبێ، بۆ نموونە کاتێک زیندانیەکان بۆیاری

مانگرتنیان دا، بۆ فێر و تەکنیکی ئەیانویست مانگرتنەکە پوچەڵ کەنەوە، چونکە ئەگەر کەسێک بۆ مانگرتنەکە گیانی سپاردبا، ئەوە پاڵەوان دروست دەبوو، (مازۆم دەغان) کە کەسایەتیکی ناو فیلمەکە بوو، خۆ سوتاندنی ئەو لە شەوی نەورۆزدا لە زیندانەکەدا ئەستاش لە دڵی کوردانی باکور سیمبولی ئازادی و کوردایەتیە، سەربازانی تورکیا ڕێگریان لەو بوونە پاڵەوانە دەکرد بۆ فێر و تەکنیکی.
تورکەکان بۆ وردی بۆ دوای تاوانی کوردکانیدا نەدەچوون، لە زیندانی دیاربەکردا تایبەتبوو بۆ ئەو کەسانەی لە دژی دەوڵەتی تورکی دەوەستانەوە و ئەیانویست شۆڕش بکەن بوون، بەڵام ئەوان بۆ هەنجەت بوون بۆرامبەر بە کوردەکان و تەنیا زانیبایە کە کەسێک کوردە بیانوونیان بۆ گرتنی دەدەزیەوە، بۆ نموونە لە فیلمەکەدا پیاوەکی بەساڵاچوویان دەستگیرکردووە بۆ بیانووی ئەوەی پەکەکەکان بۆ ناو زۆیەکەی ئەودا ڕەیشتوون، کە پیاوەکە بۆ هەی ئەشکنجەی زۆرەوە تووشی نەخۆشی دەروونی بوو و سەرەنجام گیانی دا.
سەربازانی تورکیا سیاسەتی (پەرتکە–زاڤە) یان لە دژی زیندانیەکان بەکاردەهێنا، ئەم سیاسەتە وادەکات کە نەتەویەک تووشی دڵەڕاوکێ و زمانی بێت، وڵاتانی داگیرکەر بەکاریدەهێنن لە پێناو درێژەدان بە داگیرکاریەکەیان، یەکێک لە میکانیزمەکانی ئەو سیاسەتە دانانی سیخوڕە لە ناو تاکەکانی داگیرکراوەکان، بۆ ئەوەی ئاگاداری پەیوەندی نێوان تاکەکان بن و دووبارەکی و لێکترازان لە ناویان دروست بکەن، سەربازە تورکەکان سیخوڕیان لە ناو زیندانیەکان دادەنا و بۆ ئەوەی ئاگاداریان بن و ڕێگری بکەن لە پەیوەندی نێوانیان، بۆ نموونە لە نێوان قاوشی ژنان و پیاوان سیخوڕیان دادەنا و ڕێگریان دەکرد لە پەیوەندی نێوانیان و هەوالی دڕیان پەڕادەگەیاندن بۆ ئەوەی لێکترازان دروست ببێت لە نێوانیاندا.
لەم فیلمەدا هەوڵدراوە ڕووە ناشرین و قێزەونەکەی داگیرکاری و نژاد پەرستی بخرێتەڕوو و باس لە سیاستە کۆنیالیزمەکەی تورکیا کراوە بۆرامبەر بە کوردان و خەبات و تەکۆشانی کوردانیشی خستەتەڕوو.
شایانی باسە من لەو وتارەمدا ویستووەم بابەتیانە پەست کۆنیالیزم ڕوون بکەمەوە و پڕاکتیزەی بکەم لەسەر فیلمی (١٤ی تەموز) بگومان پەست کۆنیالیزم بابەتکی فراوانە و ناکرێت بە وتارێک تەواوی بابەتکە باسی لەوە بکرێ، بەڵام من هەوڵمداوە بابەتە گرینگ و دیارکانی کۆنیالیزم باس بکەم و لە فیلمەکدا پڕاکتیزەی بکەم، لە فیلمەکشدا تەنیا سەرنجم لەسەر ئەو ڕووداوانە داناوە کە پەست کۆنیالیزم تێیاندا دەرکەوتووە و بابەتکەم

پاراستووە لە بابەتی دڕاوی پەست کۆنیالیزم.

ئەم بابەتە لە ژێر سەرپەرشتی مامۆستا چاوگۆ نیعمەت ئامادەکراوە زانکۆی سەران

-_____

سەرچاوەکان:

١- ڕەنگدانەوەی پەست کۆنیالیزم لە ڕۆمانەکانی فەرهاد پیربالدا، کوردستان عبدالوهاب نادر، نامەی دکتۆرا، ٢٠٢٢.
٢- پەیوەندی نێوان شوناس و خەباتی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان: فیلمی زەر وەک نموونە، ئاریان سەلیم خدر، توێژینەوەی بەکالۆریۆس، ٢٠٢١.
٣- کوردستان کۆنیەکی نەودەوەتی، ئیسماعیل بەشکچی،وەرگێڕان: حەمە ڕەشید، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٤- فیلمی (١٤ی تەموز)، دەرهێنەر: هاشم ئایدەمیر، ٢٠١٧.

فرمێسکی فریشتەیەک.. شیعر/ کاوە عوسمان

تۆ لە سەرابا تێپەڕیو،،

منیش پریاسکەیەک..

لە ئێستەرە فرمێسک..و..

زەنگۆکە خوێنی ئەو وشە شیعرانەی..

بەنی جێستەی کوژراوی ..

گوڵە سەوسەنی غوربەتی لێدە،،

ئەکەمە ملوانکەی خەمت،،

گوڵت لێدەنگمە،،

تۆ ئەی فریشتە،،

لەم وەبونە تاریکەی..

دنیایەک لە ئازار و برین،،

ئەی فریشتەی کەچی خەم،،

تۆ گوڵت لە هەنسکی..

شەو نشەو ماندوکانی سەفەرمیت،،

ئەم هەگایە..

چی دژوارە، چی جەنگەیە،

مانەوەش ، لە ژێر..

تێرزە لەمی تێنیایی،،

توانەوەیە ، پەرتبووند،،

چی ئەستەم هەبژاردن

لە نەوان گیای شینی ..

هەپروسکاوی یادەوەری و..

تیغی خەنجەری غوربەت،،

چی تەمتومانەکە..

شاری کاتژمێرە شکاوکانی نەهات،،

لەم وشکە تەمەنی زە بە هاتنت،،

چی بارانەکی شینت بە بهەنم،،

تا گوڵە لەو خونەاویەکانی..

لەوت بپوشکە،،

چی هوبارەکت ،،

لە تەمی بەسەرچوی ئابردودا،،

سەر لەنوێ،،

بە زیندوکەمەوە،،

تا زەمینی وشکبوی...

دەت ئاوترین بێ،

هەر کات لە ژێر کۆی وشە شیعری..

سەرما بوردەی ڕۆگە بەردەکانا،،

کە دەنگت نەدەهات،،

بە هەورم ئەوت،،

تکە جامی دە ..

لە بارانی خوێن،،

ببروسکەنە قەڵای جەستەی قەقنەز،،

لە نەو گەکانە سیحری وەبوون،،

سەرکەشیەیم ئەی فریشتەی وون،،

بە هەنانی تیشکی چاوت بوو،،

ماندوویم، بە هەنانی ئاگری..

نەو خەوەتی سەفیەکانی عیشقت بوو،،

تا کەسارانی سەوزی ڕەحت،،

ئە گاتەوە ترپکی ..

زەردەخەنەی زەردەپەڕک،،

من بە خواوەندی فرمێسکەکت بە چەکا دەم،،

ئیتر با شەرابی تەمەنیش هەربژێ،،

کە سەر پەنجەکانم،،

بە نوسینی شیعرت بدرەوشێنەوە،،

ئەبەت لە ڕەحما چی بگوزەرێت،،

گەر تا بەیان..

کچی قازو قوڵنگی ڕەشی بەدبەختی،،

بە گوڵبارانی نەو سیحری نەبونتا دەنگ بداتەوە،،

گەر تەش ڕەنژنە نەمێت،،

کەگە ی زەربووی دەک سەوزنەکاتەوە،،

وەک مانگە شەوی ئەفسونبەخشی..

سەرکەناری ئەوسا،،

بە حزورم نەدرەوشێیتەوە،،

ڕەنگە ئیدی منیش بە کوچەکانی..

بیرەوەریتا تەپڕەنەکەم،،

بە تاڤگەی خەرا نەتوەمەوە،،

بە چنگە کازیوەی بریسکاوەی..

سپێدەیەک لە نوورت،،

چیترنە بریسکەمەوە،،

شوەن لای من،،

ئەقیانوسی بریەنی تەیە،،

لە سەر ڕەگای هەر شارێک

لە یادگاریت،،

بە سەرمینەوە ، خەم..

هەزاران جار ووندەکەموە!

وەک مەشخەڵێک،،

وەک دوو هەتاوی چاوت،،

ئەبمە گەکان،،

لە ئاگرو کەپەی خوێنا ،،

ئەگەشەموە،،

هەندەک جاریش،،

دەستم ئەچیتەوە ڕەحی خەم،،

بە پرچی ئەستێرە دەشکاوەکان..

جەستەی دەم،،

هەئکەشمە خاچی داخان،،

سەدان جار لە خاچ ئەدرەم..و..

و بە دیمەنی دەزەخی …

ڕەحمکی ووردو خاشبوو،،

زیندوو ئەبمەوە،،

و هەزاران جار ئەمرمەوە!

با ڕەنگی مەرگ لە سیمام بلکێ،،

چی باکم بە ڕەوە قەڵەڕەشی ..

خەشبەختی درەی سەردەمکە،،

لە مەملەکەتی تەرمی هەزاران دەی لەخاچدراو،،

گەر تە دەنگی منت نەگاتێ،،

ترپەی دەی خونچەکانیش.

لە من بە بڕی بە،،

.....

وێنەکە کارەکی هونەری فۆتۆگرافەری ئەمانی

Stefan Keller

بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خۆی وەرگیراوە

پۆست کۆلۆنیالیزم لە فیلمی کیسەڵکان دەفەن.. ڕەباز مجید

تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم کە لە بارودۆخێک دەکەوێتەوە کە لە هەناوی داگیرکاریدا دەتەکایەوە. هەموو ئەو بارودۆخ و هەڵومەرجانەی کە لە ئەنجامی کارلێکی داگیرکەر و داگیرکراو دێنە کایەوە پێی دەگوترێت پۆست کۆلۆنیالیزم.
هەروەها ئەوەی لەم بارودۆخەش دەکەوێتەوە پێی دەگوترێت تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم.
پۆست کۆلۆنیالیزم شڕۆپێکی دیکەی بیرکردنەوەیە لە پاش کۆلۆنیالیزم(داگیرکاری).
کە خۆکانێک بینیان داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی فەوتاند و ناتوانن بیربکەنەوە. گروپێک تیۆرێکیان دروست کرد کە ئەدەبی نەبوو هەنیانە نەو ئەدەب، ئەوی پۆست کۆلۆنیالیزم بوو، کە لە داگیرکاری دەکۆڵیتەوە.
پێیان وابوو داگیرکاری کەمڵۆ شواینەوارێکی نەگبەتی دروستی کردووە، پێچەوانەی کۆلۆنیالیزمە، کە دەیانەوێ دووبارە وێنەیکی تر بە ڕۆژهەڵات دروست بکەن. دەیانویست ئەو داگیرکارییە نەهێن و ڕۆژهەڵات ڕزگار بکەن.
لەووی مەژوو و چەوارچێوەی جوگرافی پۆست کۆلۆنیالیزم ئەوا داگیرکەری پێسەیکی بەرفراوانە و لەهەمان کاتیشدا چەندین شوێنی ئاوگۆڵەی کەلتووری هەیە. بەمەش ئیشکال لە سنوور و چوارچێوەی مەژووی و جوگرافی درودت فەبەت، چونکە لە ووی مەژووییەوە،

مژوویەکی دوور و درێژی هەیە و لەسەرەتای دەستپێکی داگیرکەریدا کە دەنگیەک هەیە، ئەمەش لە ڕووی مێژووییەوە چەند پرسیارێکی کردووە، لەسەر چ بنەمایەک و پاساوێک مژووی لکێنەوەی پست کۆلۆنیالیزم دیاریبکەین؟ یایە داگیرکەری ئانگۆنورمانەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست و لەدوای ئۆیش داگیرکردنی ئیرلەند لە چوارچێوەی نەریت و ڕەوسمەکانی داگیرکاری جگەیان دەبێتەوە؟ ئەمە ئاو پرسیارانە و چەندین پرسیاری تری لەم شێوەیە بەردەوام لە چوارچێوەی ئەم تیۆرە دووبارە خراونەتەووو. دواجاریش ئەمە وەک ئیشکالێک لە بەواری مێژوو و جوگرافیای لکێنەوەی پست کۆلۆنیالیزمدا ماوەتەوە.

لەووی جوگرافیای لکێنەوەی پست کۆلۆنیالیزم بیر و بۆچوونی جیاوازی لەسەرە. چونکە زەمینەکانی پەسەی داگیرکاری جیاوازن، هەر ئەمەش جیاوازی بۆچوونی لە نێوان لکۆلەران سەبارەت بەم تیۆرەدا هەبێت.

لەم بارەیەوە لکێنەوەی پست کۆلۆنیالیەکاندا دوو ڕوانگە هەن: هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە، کە دەبێت خورتنیشنگە سپیپێستەکانی وەک کەنەدا و نیوزلەندا و ئوستەالیا لە سنووری پست کۆلۆنیالیزم هەژمار بکرێن، بە بەڵگەی ئەوەی کە دانیشتوانی ئەم وڵاتانە لەلایەن ئیمپریالیزمەکان پەراوێزخراون و ناچارکراون کە لکچوونی کەلتووری پەیدا بکەن.

هەندێکیتریشیان پێیان وایە ناکرێت خورتنشینگە سپیپێستەکان لە هەمان گوتار جە بکەینەوە کە هیندستان و کینیا تەدا جگیر دەبن، چونکە خاڵی سەرەکی لە لکێنەوەی پست کۆلۆنیالیزم بریتییە لە نەژاد، بە نموونە لە داگیرکردنی هیندستاندا بابەتی نەژاد ڕوونە، کە هیبدستان لەلایەن بەریتانیا داگیردەکرێ، پێیوندی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو نەژادە، کە نەژادی هیندە و بەریتانییە، بەڵام سپیپێستەکان نەژادی نییە، چونکە خورتنشینگە سپیپێستەکان هەم دەبنە داگیرکەر هەم دەبنە داگیرکراو، واتە بابەتی نەژادی ڕوون نییە. لەووی جوگرافیایەوە گشت جیهان لە باری پست کۆلۆنیالیبوون دان سنوری لکێنەوەی پست کۆلۆنیالیەکان گشت جیهانە.

لکێنەوەی پست کۆلۆنیالیزم مژووییەکی دوور و درێژی هەیە، بەو پێیەی پێویستە بە بابەتکانی وەک ستەم و زوڵم و داگیرکەر و وڵاتی داگیرکرا و ئاوگۆی زمانی و کەلتووریی و ... هتد، ئەم نابەتانەش خودی خۆیان مژووییەکی دوور و درێژیان هەیە، کە هەندەی مژووییەکی مرۆڤایەتی کۆنن، چونکە داگیرکەر لەدوای خۆی ئاوگۆری زمانی و کەلتووری و زوڵم و ستەم و ڕووبەروو بوونەوەی داگیرکرا

دەنێتە کایەوە.

ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیالیزمیش خاوەنی لێکۆڵینەوەی داگیرکاریەیە. دیاردەیەت ئەو لێدکانەوە و دەرهاوێشتانە لێتبکاتەوە کە لێژهاتوو و لێژئاوای لێک جیاکردەتەوە کە بووەتەهۆی دروستبوونی چەق و پەراوێز. نووسەرکانی ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیالیزم داوای مافی خەیان دەکەن و لێگۆڕپرسینی لە وڵاتە داگیرکەرکان دەخەنە ژێر پرسیار. ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیالیزم ڕووبەرووی کردار و ئەنجامکانی داگیرکاری دەبێتەوە. هەروەها خاڵکی تری ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیالیزم ئەوەی کە (ئەویتر) لە پەراوێز دەگۆڕێ بۆ خود. سینەماش ئامرازێکی هونەرییە، بۆ نیشاندانی دیاردە و ڕووداوە مێژوویەکان و کەلتوورەکان. لەمێدا دیاردەیەکی شارستانییە و لە جیهاندا بایەخی زۆری پێدەدرێت. بینەرانی سینەما پەیام و زانیاری و وێنە و جوڵە دەبینن و بەشێوەیەک لە شێوەکان تێی دەگات. خاڵکێکی زۆر لە ڕێژگاری ئەمێدا سەیری سینەما دەکات، زۆر لە دەرهێنەرانی سینەما ئەو پەیامە و مەبەستانیان لە دونیای سینەمادا دەگەیەنن. دەرهێنەران لە ڕێی سینەماوە بنەماکان و پەیامی پۆست کۆلۆنیالیزم دەگەینن، هەروەک فیلمی (کیسۆکان دەفەن) هی بەهمەنی قوبادمان بە نموونە هێناوەتەوە، باس لە پۆست کۆلۆنیالیزم دەکات.

ئامانجی ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیالیزم لێکۆڵینەوەیە لە دید و بۆچوونکانی ڕێژئاوایە کە چۆن سەیری ئەو وڵاتانە دەکەن و چۆن بەردەوامی بەو سەیرکردنە دەدەن و تاکوو درێژە بە داگیرکاری خلی بدات. نووسەرانی پۆست کۆلۆنیالیزم پێیان وایە دەکرێت دووبارە لە بەرهەمە کلاسیکییەکان جارێکی تر تاوتوێ بکرێتەوە و پەراوێزخراوەکان بکرێنەوە بە سەنتەر و جارێکی تر پێگەی خەیان لە جیهاندا بدەستبهێننەوە. هەوڵەها نووسەرانی ئەم ئەدەبە دەیانەوێ بیر و زەینی خاڵک و بینەران لە داگیرکاری دابماڵن و پەراوێز بکەنە سەنتەر و ڕێژئاوا لە چەق بخەن. هەروەها ڕێژهاتیەکان متمانەیان بەخۆ هەبێت و واز لە لاساییکردنەوەی کەلتووری ڕێژهاتی بهێنێت. ئامانجێکی تری نووسەرانی ئەم ئەدەبە ئەوەیە کە کەلتووری نێتەوە داگیرکراوەکان بکەنە چەقی نووسینەکانیان و چێخت لە زیندووکردنەوە و بەرپەدانی ناسنامەی نێتەوەیی دەکەنەوە.
فیلمی (کیسۆکان دەفەن) ئەو فیلمە لە ساڵی ٢٠٠٤
لایەن بەهمەن قوبادیەوە بەرهەمهێنراوە، فیلمێکی زۆر تراژیدیایە و هەست بزوێنە و چەندین خاڵاتی جیهانی بدەستهێناوە. باس لە داگیرکاری و لێکۆتکانی دەکات. فیلمی کیسۆکان دەفەن باس لە

ژیان دەکات لە سەردەمی جەنگ و ژیانی منداڵان لەسەر سنورەکان، چیرۆکی فیلمەکە کاتی هێرشی ئەمریکایە بۆ عێراق و دەربارەی سێ منداڵی پەنابەرە، کە لەسەر سنووری عێراق-تورکیا، چاوەڕێی ڕوخانی سەدام حسێن دەکەن. کە لەسەر سنوورەکە خەریکی کەرکردنەوەی مینن بۆ نەدەسیهێنانی بژێوی ژیان و پارە و بەم جۆرە ژیانیان دەخەنە مەترسیەوە. لەم فیلمەدا منداڵێک ڕێبینەت کە پێی دەڵێن کاک سەتەلایت پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکەیە.

ڕەنگدانەوەی پێست کۆلۆنیالیزم لە فیلمی کیسەڵەکان دەفڕن

١_ دووبارە وێناکردنەوەی ڕەگەزەکان

دیمەنێک لەم فیلمەدا ئاوەبووە کە ئەمریکییەکان نووسراوێکی ئاگەدارکردنەوەیان دایە خەڵک، کە ئایندەیەکی زۆر باشیان لە پێش و باشترین دەستان ئەمەیین، ئەمە بەهەشت بۆ ئاوەمان هێناوە. لەڕەدا بەمان دەردەکەوێت کە دەیانەوێت لەو زوڵم و ستەمە و ناخۆشییە تەدانە دەربهێنرێن، دووبارە ژیانێکی نوێ و ئاسودەیان بۆ دەستەبەر بکەن. ئەو وێنە کۆنەی بۆ ڕەگەزەکان دروستکرابوو، هەڵیبوەشێننەوە و ئەوانیش مافی ژیانکردنیان هەیە و شار ڕزگار کرا. خەڵک لە گوندەوە ڕەیانکردەوە شار، لە شار نیشتەجێبوون و شار قەرەباڵغ بوونەوە.

٢_ بەهای پەراوێز کەمتر نییە لە چەق

کە ئاوەووپا(ڕەژئاوا) سەنتەر بوو، ڕەگەزەکاتیش پەراوێز بوو، ڕەگەزەکات بە ناڕەشنبیر و دواکەوتوویان دادەنا و داگیرکراو بوون، بەمەش ببوون بە کەلەبەر و ژیان دەخستە مەترسیەوە لەپەناو پەیدا دەکردنی پارە، نموونە لەم فیلمەدا منداڵان خەریکی کەرکردنەوەی مین بوون، تا پارە پەدا بکەن، ئەم کارەش زیر مەترسیدا بوو، بەڵام دواتر کە شار ئازادکرا خەڵک گەڕایەوە شار و لەوە کاری کرد تا پارە پەیدا بکات. بەمەش پەراوێز بەو جۆرە نەما کە پێشتر هەبوو، پێشتر بەهای پەراوێز کەمتر بوو لە بەهای چەق و بە دواکەوتوویان دادەنا. چەق بەبە پەراوێز نابێت بە چەق و پەراوێزیش بەبە چاق نابێت بە پەراوێز، واتە تەواوکەری یەکترن و بەهای هیچیان لە ئەویتر کەمتر نییە، ئەمەش پێست کۆلۆنیالیزم وا ئەکەک، یەکێک لە پەیامەکانی ئەم فیلمەش ئەم خاڵە گرینگەی پێست کۆلۆنتالیزمە.

٣_ پێست کۆلۆنیالیزم باس لە جەنگ و داگیرکاری دەکات.

ئەم فیلمەش باس لە داگیرکاری و جەنگ دەکات، ئەمەش وایکردووە خەڵکی ئەم ناوچانە ببنە کەلبەر و لەناو ژیانێکی ناخۆشدا بژین و منداڵان بەشێوەی منداڵان نەتوانن بژین. بە نموونە شێوەی سوونی و سووپای ئەمریکی، کە لەم فیکمەدا هەبوو.

٤_ لایەنی خوێندن و تێشنبیری پشتگوێ خراپوو.

لەم فیلمەدا لایەنی خوێندن بە تەواوی بشتگوێ خرابوو و منداڵان لەبەی ئەوەی لەبەر خوێندن بن، خەریکی کەکردنەوەی مین بوون.

٥_ دوو ڕەگی بوونی ناسنامە

لەم فیلمەدا ئەمریکییەکان نووسراوێکی ئاگەدارکردنەوەیان دایە خەڵک، کە ئایندەیەکی زەر باشیان لە پێشە و باشترین دەستان ئەمەیین، ئەمە بەهەشت بە ئەوەمان هێناوە. و پاسەپەرتی ئەمریکایان بەسەردا بڕاو کردووە.
لەڕەدا دووڕەگی بوونی ناسنامە دروست دەبێت، خەڵک کە ناسنامەی عەراقی هەیانە، وەرگرتنی پاسەپەرتی ئەمریکاش وادەکات دوو ناسنامەیان هەیبێت.

٦_ ڕەنگدانەوەی ئەوەوپا سەنتەری لەم فیلمەدا
لەم فیلمەدا وای لە منداڵان کردبوو مین کەبکەنەوە لەسەر سنووری تورکیا و عەراق.

٧_ لاساییکردنەوە
لەم فیلمەدا کورد وەک داگیرکەرا لاسایی ئەوەوپایان کردەوە، ئەویش لە بەکارهێنانی چەک و سیلاح لەگەڵ ستەلایت، ئەمەش وایکردبوو بیر و هزری کورد داگیر بکەن.

٨_ ڕەنگدانەوەی ئەویتر لەم فیلمەدا

لەم فیلمەدا منداڵەکان کرابوون بە ئەویتر، مینیان کەدەکردەوە، ئەمەش مەترسی لەسەر ژیانیان دروست دەکرد و پێیاندا دەتەقیەوە و کەم ئەندام دەبوون.

٩_ ڕەنگدانەوەی ژێر دەست لەم فیلمەدا

لەم فیلمەدا کورد ژێر دەستێ و خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، کوردستان ژێر دەستەی عێراق و لایەن تورکیا و ئێران و ئەوەوپاوە بڕدەوام هەوەی داگیرکردنیان داوە و کورد بووەتە کەبەر.

-————————

سەرچاوەکان:

١_ کوردستان عبولوهاب نادر، ٢٠٢٢، ڕەنگدانەوەی پەست کۆنیالیزم لە ڕۆمانەکانی فەرهاد پیرباڵدا، تەزی دکتۆرا، زانکۆی سەران، فاکەڵتی ئاداب، بەشی زمانی کوردی.
٢_ ئاریان سەلیم خدر، (٢٠٢١)ز، پەیوەندی نێوان شوناس و خەباتی نەتەوەیی لە باکوری کوردستان : فیلمی زێ بە نموونە، زانکۆی سەران، فاکەڵتی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی.
٣_
https://ckb.m.wikipedia.org/wiki/%DA%A9%DB%8C%D8%B3%DB%95%DA%B5%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86%DB%8C%D8%B4_%D8%AF%DB%95%D9%81%DA%95%D9%86%
کیسەکان دەفەن
٤_ سوود وەرگرتن لە وانەکانی د. سیروان زەند، لە بابەتی ڕۆخنەی تیۆری، زانکۆی سەران – بەشی زمانی کوردی، ٢٠٢٢_ ٢٠٢٣.

کۆی زمانی کوردی.. عەبدولڕەحمان فەرهادی

زمان هەکارێکە بۆ گوزارشت لە هەست و نەست و بیرکردنەوە و گوتاردان و گفتولفت، هەکارێکی گرنگیشە بۆ بەدەست هێنانی زانین(مەعریفە)، هەروەها ئامرازێکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هەردوو بواری کۆمەڵایەتی و کولتووریدا ڕۆڵی کاریگەری هەیە، ئەم دوو ئاستەش لە یەکتر جیاوازن، ئاستی کۆمەڵایەتیی زمان لەنێو میللەتانی دواکەوتوو و زمانە لاواز و کەم خزمەتکراوەکاندا، زۆر بەرزترە لە ئاستی کولتووری و ڕۆشنبیری، بەڵام ئەم دوو ئاستە لە زمانە پێشکەوتووەکاندا تا ڕادەیەك لە یەکتر نزیکن، ئەم دوو ئاستە بەگەن بۆ ناسنامەی هەر میللەتێك کە هەر دەستە و گرۆپەك پێی دەناسرێنەوە. ژمارەیەکی دیاریکراوی زمان کە لە بنەچەیەکی هاوبەشەوە هاتوون، دەبنە بنەمای زمانی خێزانێکی زمان لە چەندین

میللەتدا، وەك خەزانی زمانە هیندوئەوروپییەكان كە لە هەموو خەزانی زمانەكان بەربڵاوترە و زمانەكانی ئینگلیزی و هیندی و فارسی و كوردی و زۆری دیكەیشی تێدایە. زمان و بیركردنەوە وەك دوو ڕووی قاقەزێكن، هەرگیز لە یەكتر جیا ناكرێنەوە، چونكە لە زماندا هەمووكات بیركردنەوە ئامادەیە. وەك گوتراوە زمان بوونەوەرێكی زیندووە، هەر بوونەوەرێكیش بێ خۆشگوزەرانیی، پێویستیی بە ژیان و خزمەت و تەندروستی هەیە، بەگومان زمانە دەوڵەمەندەكان لەنێو كۆمەڵگادا، بوونەوەری زیندوو و بزاز و چالاكن، ئاسی گرنگ و كاریگەریان لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا هەیە.
زمانی ئینگلیزی كە بەهێزترین و پێشكەوتووترین زمانی دونیایە، لە سەرەتادا بریتی بوو لە زمانی هێزە دواكەوتووەكانی چاخی ئاسنین لە دانیمارك و ئەو ناوچانە، كە تەنیا قسەی پێ دەكرا و شێوەی نووسینی نەبوو، بەڵام دواتر بەشێوەیەك خزمەت كرا، وەك ئێستا دەیبینین ساڵانە سەدان وشەی تازە دێنە ناو فەرهەنگە ستانداردەكەی ئەكسفێردەوە. بەتەنیا داهێنەرێكی گەورەی وەك شەكسپیر، حەفت سەد وشەی بێ ئەم زمانە داهێناوە. بە درێژایی مێژوو ژمارەیەكی زۆر لە زمانان بە تێپەبوونی ئاژگار بەهۆی كاریگەریی مرۆڤ و ڕووداوەكانەوە، لەناوچوون و نەماون. لە دنیادا نزیكەی شەش تا حەفت هەزار زمان هەن كە زۆریان زمانی ناوچەیەكی بچووكن و ژمارەیەكی كەم لە مرۆڤ قسەی پێ دەكەن، مەترسیی لەناوچوونیان لەسەرە، ئەگەر ئەمەی كوردیش خەمخۆر و دەسەزی زمانەكەمان نەبین، زمانەكەمان تا دێ لاواز دەبێت و ئاوامان بەسەر دێ. زۆر زمان هەن بەهۆی خزمەتكردنیانەوە، بەهێز و پێشكەوتوون و مەترسییان لەسەر نییە. بە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم هەست و مەترسییەی زیاتر لاوازبوونی زمانەكەمان لە دواژدا، پێویستە ئەمە لە نووسەر و بنووس و ئاژنامەنووس و پەروەردەكاران، هەروەها داوودزگاكان، لێخەمدا بین و زۆر بە بایەخەوە بوانینە ئەم كێشەیە، هەروەها ئەمە خەمی گەورەی حكوومەت بێت و كار بكات بێ دامەزراندنی چەندین لیژنەی تایبەت بێ ئاكخستنی كاروبارەكان. پێشنیاز دەكەم (كۆی زمانی كوردی) یان (ئەكادیمیای زمانی كوردی) دابمەزرێت، ئەركی سەرەكیی ئەم دەزگایە بریتی بێت لە بایەخدان بە زمانی كوردیی پڕگرامەكانی خوێندن لە قوتابخانە و زانكۆكان و كەناڵە جەراوجەرەكانی میدیا (كە وەرانن!)، بەگومان ئەم جۆرە دەزگایانە لە زۆربەی وڵاتاندا هەن، بە نموونە: (كۆی زمانی عارەبی) لە میسر و ئوردن و سووریا و لیبیا و تونانێت لێ سوودانیش هەن، خەمی گەورەیان ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسییەكانی سەر زمانەكەیانە و توانیویانە كاری گەورەش بكەن. لێرەدا بێ مافی ناوای خۆم دەزانم،

پشنیازی ئەوەش بکەم کە (ئەکادیمیای کوردی) بگۆڕێت بۆ (کۆی زمانی کوردی) یان (ئەکادیمیای زمانی کوردی)بۆ شێوەیەک بێت، کارکانیان تەنیا پابەست بێت بۆ زمانەکەمان، بەمە ئەرکەکەیان زۆر لەوەی ئێستا پیرۆز و گەورەتر دەبێت و با پەیەوو و پێگرامەکەشیان تایبەت بکرێت بە زمانی کوردی لە پەروەردە و خوێندنی باڵا و میدیاکان و لێکۆینەوە لە زمان و زاراوشتی تری تایبەت بە زمانەکەمان. پێمواید درەنگیشە بۆ ئەوەی خەمان لەو پاشاگەردانییانە دەرباز بکەین.

ئێوارانێ ٣٣.. سەردار جاف

ئێوارانێ
بوخچەیەکی بچوک
ناسەری لێم دیوێ دەریاوێ هەژا
لێو دیو ژوانەوێ
زەردەپەڕێ لێ چاوەنوارییەێ
کەسەرباری دەبارێ
فواریەکێ خوێنی پژا
چل خەم چل خەیاڵ چلیش واسواسێ ”

- “ سێ چل چەن دەرکەم بۆ یەک هەناسێ
نیگای چاوکانی مینا گزنگی بۆیان روون روون
شێو بەداریەکی بکەتا
لێو دیو باخچەی ماڵانەوێ
چارکەیەک گۆاوەریوکانی شەبۆ
بۆ سەر شاباڵی بازەوێ
لێ تروسکەی بزەیەکدا نوقم بووێ
شەقام و سەرێ رێ شەرابی ژوانی درەنگانێ دەنوسن و نەش دەکەن
دیقەتدانەکان لێ جاران نەدەچوو
لێ بن کەپری دارستانەکێ گەرانی ماچ دەچڵا
تیر و دەکێ لێ قریوەن
لێ سەراغی کولیتەیەکی جریکەبازی

ئەم ماڵ و ئەو ماڵ کرا
سەراپا ئاپۆایەکی دەکەزین و دەئاژنرێنە خوێنکان
شەکەتی لە قووڵایی خوێنی بەداریدا نغرۆ ببوو
میلی کاتژمێرەکە بە تیژیوی بە زیپیکانی لوول دابوو
خانمە شەهلایەکە
بە سەر باڵی مەسیحەوە رووەو ئاسمان سەرەو ژێر ببوو
هەناسەکان بەدەم فوارەی بیرکردنەوە قوڕپی دەدا
دەرگاکانی ماڵان چرای تەنهاییان لە خۆ شەتەک دابوو
زەردەپەڕە لە ماڵئاوایی نزیک دەبوو
تەنهاییش وەکی سارد و سێی داڵانکی گرتبوو
ئەم ئێوارە
من و ئەو پەکەوە پەنجەکانی یەکمان دەژمارد
کزە سەرمایەکیش باوەشێنی بەدەرتانی دەکردین
ئەو هەر دەیگوت من بەکەسم
منیش دەمگوت:
خەشم دەوێیت خەشوێسترین کەسم

* بەیتێکی فەلکلۆری کوردیە

١٢ / ٥ / ٢٠٢٣

لە سەفەراین.. شیعر: نزار قبانی.. وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

لە سەفەراین ، لە ناو پاپۆڕێی غەما
سەرکردەکەمان بە کرێ گیراو
ێیش سپیەکەمان چەتە
هاووڵاتی بە ووڵاتین
لەسەر نەخشەی زەمانا
وەک چەلەکە ئاوئەرین
ئەمە قەحبەی سەردەمین

هەر حوکمدارێ ئەمانفرەشێ
و
بەهاکەی وەرئەگرێ
ئەمە کەنیزەی کەشکەکین
لە ژوورەکەوە بە ژوورەک
لە باوەشکەوە بە باوەشەک
لە دەوەمەنکەوە بە دەوەمەنەک
دەستاودەستمان پێ ئەکرێ
لە "بت"کەوە بە "بت"ەک
لە باشووروە بە باکوور
لە ڕۆژهەڵاتەوە بە ڕۆژئاوا
بە دوای خەڵکەکا ئەگەڕین
...قبوڵمان بکا
بە پەردەیەک ئەگەڕین
...دامانپێشێ
بە ماڵەکی نیشتەجێ بوون ئەگەڕین
منداڵەکان لە دەورمانا
قەمور و بە ساڵا چوون
لە فەرهەنگێ کەنەکانا
بە دوای دریەکی گەورەیا ئەگەڕین
پێ ی ئەووترێ "نیشتمان"
ناوەکانمان دوورە لەناو
ئەوانەی نەوت ئەخەنەوە نامانناسن
ئەوانەی فرمێسک و نەهامەتی ئەخەنەوە نامانناسن
زیندانی ئەو "دەقە"ین
حوکمڕانەکان ئەینووسنەوە
لە ماڵەوە بە دەرەوە
زیندانی "غەم"ین
لە ناو ڕەحمی دایکمانا
چاودێری ئەکرێین
سەرمان بەاوە
نانمان بە ترس و فرمێسک تێ کراوە
پەنا بردن بە هەر کەس : قەدەغەیە
لە خوا پاڕانەوە : قەدەغەیە
داد بە پەغەمەر بەرین
بلیتەکی یەک سەرە وەرئەگرین
گەر بە نووسینەوەی دوا قەسیدە

یان دوا وەسیەتی پێش لە سەدارێیان
داوای قەڵەمێک بکەین
کەیسەکەمان گەڕاوە

ئەی نەتشتمانی هەواسراو بە دیواری ڕقا
ئەی تەپی ئاگری ڕوو لە کەتایی
هیچ کەس لە ڕابردوومانا
شووشەیەک لە خوێن و میزی موبارەکی
نەیاوە بەم ووڵاتە غەرق بووەی خوێنا
لەوەتەی ئەم جبە کاغەزییە هەیە
کەس هیچ نەڵێ
پاڵتە یا کاوەکی پە نەیاوی
ئەی نیشتمانی وەک "هەڵانەی پاییز" تەکشکاو
وەک درەخت لە شوێنی خەمانا هەڵکەنراوین
لە یادگاری و ئومێدەکانمان
کەچ پە کراوین
چاومان لە دەنگمان ئەترسێ
حوکمدارەکان خودان
خوێنی شین بە دەماریانە ئەگەڕێ
و
ئەمش نەوەی خزمەتکارین
دەر و دراوسێ نامانناسن
هیچ خەڵەک میوانماریمان ناکا
گەر ستەمکارێک نەشت
ئەمانەن بە ستەمکارێکی تر
کەچەری بەندرەکانی ماندوو بوونین
کەس ئەمەی ناوێ
لەم شار بە شارێکی تر
نە مەلائیکەت ، نە شەیتان
کەس ئەمەی ناوێ
لەو شارانەی ئاسایش بەتە "پیش سپی" ئەدەب
کەس نامانخوێنێتەوە
وەک مشکی ناو قەفەس
چووینەتە ناو یەک
هیچ بەندەر...هیچ مەیخانەیەک
قبوڵمان ناکا
هەرچیەک ئەنووسین

بە دەی سولطان نیە
لە دەروەی زەمان و شوێن
لە سەفەراین
بە پارە و بە جانتا
لە سەفەراین
ئەمە لە سەفەراین کە :
وەچەکانمان..ناوومان..ئینتیمامان وون کردوە
هەست کردنمان بە ئارامی وون کردوە
دەور و پشتمان نامانناسن
ئەی نیشتمان
هەموو چەلەکێکی هەلانەی هەیە
جگە لەو چەلەکانەی
پیشەیان "ئازادی" یە
چونکە ئەوان
لە دەروەی ووڵات ئەمرن